ئیسلام و عـــروبە دوو رووی یەک دراون.. ستیڤان شمزینی

هەمیشە بە قسەکردن لەسەر ئیسلام و عروبە و پەیوەندیی ئەو دووانە بەیەکەوە دەمانباتەوە سەر هەمان پرسیاری ئایا مریشک لە هەلکەیە یان هەلکە لە مریشکە؟ لەئاستیدا وەڵامەکە بەهەر بارێکدا بێت هەر راستە، بە هەمان شێوەش ئاگەر بڵێین عروبە بەرهەمی ئیسلامە، یان ئیسلام بەرهەمی عروبەیە ناکۆینە هەڵەوە و لەهەر بارێکدا بێت وەڵامەکی گونجاوە، چوونکە ئیسلام و عروبە دوالیزمێکن کە بووون مەژوو و سەرهەڵدانیان ئاوێتەی یەکتری بووە و بە یەکدی بەستراوەتەوە، لەبەرئەوە دەتوانین بڵێین دوو رووی قەڵەبی دراوێکن کە تووندوتیژیی و تیرۆر و ئینفال و شمشێر. عەرەب هەمیشە بە دەستکی شمشێری هەڵگرتووە لە پێنا دەستکی قورئانیدا، قورئانیش کارتێلکی هەسوان و کارکردنی عروبەیە، ئاگەر مانیفێستی کۆمۆنیست کتێبی پیرۆز و بنەمایی کۆمۆنیزم بێ، ئەوا قورئان کتێبی پیرۆزی عروبەیە.

لە واقیعیشدا نامۆیکی عەرەبیانەیە و هیچی دی، بۆ هەر نیە عەرەبکان هەمیشە پارێزگاریی دەکەن لە مانەوەی قورئان بە زمانی عەرەبی و ڕە دەگەڕن لە هەوڵی وەرگێڕانی بە سەر زمان و هەر ڕێنووسێکی تر، بەڵکو ئەوان تەنیا ڕەگە دەدەن بە تەفسیر و خوێندنەوەی ئایەتەکان (ئەمەش لە چوارچێوەیەکی تەسکدا) هەر هەوڵێک بدەڕ لەمە مەحکومە بە کوفر و زەندیک بوون، لە کاتێکدا دەبینی تەورات و ئینجیل وەک دوو نامەی ئاینیی و (ئاسمانی) بە سەر چەندین زمانی جیاواز وەرگێڕدراون، هەر کەس و نەتەوەیەک دەتوانێت بە زمانی ڕەسەنی خۆی بیانخوێنێتەوە.

بە دیوەکەی تریدا قورئان فاکتەرێکی بە عەرەبکردن و سینەوەی ئەویتری غەیرە عەرەبە، ئەمەش لەڕگەی بە پیرۆزگرتن و بەاوکردنەوە و خوێندنەوەیدا، هەرواش عەرەبکان هاتنی یەکەم و دوا پێغەمبەری عەرەبی (محەمەد) تەنیا بە عەرەب نازانن بەڵکو بە هەموو جیهان، بەڵام دەبێت سەروەریی هەر بە عەرەب بێت و چینی ئەریستۆکراسی قورەیش دەسەڵاتی درۆژخایەن و جاویدانی سەرجەم کۆمەڵگای خەلافەت جێو بکات.

عەرەبە ئیسلامکان لە سەردەمی فتوحاتدا کە هاتن کولتوور و تراديسیۆن و ژیار و شارستانی و پەرستگا و کتێبخانە و نامە پیرۆزکانی تری نەتەوە بە موسۆمانکراو و نیشتمانە تازە

داگیرکراوەکانیان لەناوبرد، کە سەرلەشکری عەرەبی ئیسلامی (سەعدی کوڕی باوکی وەقاس) گەیشتە شاری (مەداین) نامەیەکی بۆ عومەری کوڕی خەتتابی خەلیفە نارد کەچی لەو هەموو کتێبە بکات لە شارەکەدا، (عومەر) لەوەڵامدا دەنووسێ مادام قورئانمان هەیە بۆ ئاویاندا بدە یان بیانسووتێنە، بۆیە ئۆویش زۆر (مەردانە) دەست دەکات بە سووتاندنی کتێبخانەکانی ئەو شارە.

لە یەکێک لەو دیکەمێنتانەی لە کوردستان دەزراوەتەوە، هەنراوەیەکە بەدیالێکتیکی هەورامی کە ئاماژە دەکات بۆ ئێنفال و لەناوبردنی پەرستگا و ئاتەشگاکان و کوشتنی پیاوان و بۆغەنیمەت گرتن و کەنیزەککردنی ئافرەتانی کورد، کە ئەمە یەکەمین ئێنفالی کوردە لەسەر دەستی عەرەب و یەکەمین سەرەتاکانی دەرکەوتنی عروبە و ناسیۆنالیزمی خەڵیفەکی عەرەبە. دواتر لە سەردەمی (عبدالملک بن مروان)ەوە مەرسوماتی دەوڵەت و نوسراوەکان و نووسینی سەر دراوەکان و هەموو نووسراوەکانی تری دەوڵەتی خەلافەت بەعەرەبی کران و بە هەموو شێوەیەک کارکرا بۆ لەناوبردنی کولتووری کورد و فارس و گەلانی تری ژێر چەپۆکی دەسەڵاتی خەلافەتی ئیسلامی- عەرەبی.

بە نموونە لە سەردەمی یەکێک لە خەلیفەکانی عەباسیدا تابلێیەکی پاشماوەی ساسانییەکان لە عێراقدا مابووەوە کەچی بەفەرمانی خەلیفە ئەو تابلێیە لەناوبرا!. بە لەمانەش هەموو موسەمانە غەیرە عەرەبەکان، چین و توژاڵی خوارەوەی کەمەڵ بوون و بە چاوەکی کەمتر سەیر دەکران، بە موالی و شوعبی ناودەبران، ڕۆژێک لە ڕۆژان بەیان نەبووە بەشداریی بکەن لە پێکهاتە و ژیانی سیاسیی و ئیداریدا لە نەو خەلافەتی ئیسلامیدا، سەرباری ئەوەش سەرکوتکراون، تا ئەو ئاستەی نەیانتوانیوە ژن لەعەرەبەکان بخوازن و لە دوا جاریشدا هەروەک (کافرەکان) جزیە و سەرانەیان لە سەندراوە.

بە درێژایی دەسەڵاتی خەلافەتی ئومەوی و عەباسی، کورد و بلوچ و فارس و ئازەر و ئاشووری سەرکوتکراون و شەڕش و ڕاپەڕینەکانیان بە سیاسەتی ئاگر و ئاسن و جەرەها ئەشکەنجەی جەستەیی و دەروونی پوکەنراوەتەوە و ڕەحی نەتەوەیان خراوەتە ژێر پێی فیوداڵ خەڵیکیەکانی عەرەبەوە. لە سەردەمی نوێشدا عەرەب هەر بە چەکی ئیسلام و قورئانەوە دەتە گەڕپان و بەرگی دین دەکاتە بەر هەموو ئەو تاوان و دەندایەتی و جەنگ و کاولکارییانەی کە دەیانکات، دینی عەرەبیش پاپشت و پشتیوانییەتی.

سەددام کورد قاڵانی ناونا ئێنفال، حکوومەتی سودان کوشتنی

مەسیحییەکان بەغزا دادنەت، قیبتییەکانی میسر بە ناوی بەاوکردنەوەی فەسادی ئەخلاقییەوە جەهنمیان بە دادەخرێت. هەموو عەرەبیش کەشێکی جوگرافی و مێژوویی وەک کەشی عەرەب- جوولەکە دەبەسنەوە بە ئیسلامەوە و بە هەموو ئیسلام تێدەکۆشن بە لەناوبردنی جوولەکە و ئیسرائیل. بەیە ئیسلام و عروبە ئاوێتەی یەکترن و وەک مالێک وان کە هەر یەکێکیان بااڵکییەتی، بەئاوەی کردەی فەین بەئەنجام بگەیەنرێت دەبێت هەردوو پااڵکە بەهاوشانی یەکتر لە کاردا بن.

ستیڤان شەمزینی
ستۆکهۆڵم

کتێبی لەنین دەربارەی ئازادی ئافرەتان.. ئەحمەد رەجەب

پێش هەموو شتێك گەرمترین پیرۆزبایی دەکەم : لە 8 مارس / ئازار رۆژی جیهانی ئافرەتان ، لە هەموو ئافرەتانی دنیاو کوردستان ، لە هەموو ئافرەتانی شۆرشگێرو تێکۆشەر، ئازادی ئازادی بە ئافرەتانی زیندانیانی سیاسی.
بەدرێژایی تێکۆشانی شۆرشگێری لەنینی مەزن رابەری شۆرشی ئوکتۆبەر جەخت لە گرنگی رۆڵی ئافرەتان دەکات و لەو بارەیەوە دەڵێت { بەبێ ئافرەتان قەت بزوتنەوەیەکی جەماوەری راستەقینە نایەتەدی و هەرچی شیکردنەوە لێکدانەوە هەیە دەبێتە خزمەتش بەرامبەر بە پۆیستییەکانی ئافرەتان و بەبێ ئافرەتان ناتوانرێت کۆمەڵگا بگۆردرێت و سۆسیالیزم دابمەزرێت بێیە پۆیستە هەردەم بەدوایاندا بگەڕێن و رێگا بدۆزینەوە کە چۆن بیاندۆزینەوەو ئەوەش رێگایەکی تێکۆشانە لە پێناو سوسیالیزمدا.

لە ساڵی 1977 ی سەدەی رابردوو من و هاوڕێی تێکۆشەر شەهیدی نەمر مامۆستا رەووف زوهدی دەستمانکرد بە وەرگێرانی کتێبەکەی مامۆستای مرۆڤایەتی و تێکۆشان و شۆرش فلادیمر ئیلیچ لینین { دەربارەی ئازادی ئافارەتان} و کتێبە لەلایەن هاوریی ناسراوو دیاری حزبی شیوعی

سوریا زەینەب نبووە لە زمانی روسییەوە کرا بوو بە عەرەبێ.

ئازادکردنی ئافرەتان رێخۆشکەرەیە بۆ ئازادکردنی کۆمەڵگاو هەوڵدانە بۆ:

بەرزکردنەوەی رادەی زانیاری و هوشیاری ئافرەتانە بۆ بەشداریکردنیان لە ژیانی سیاسی و ئابووری وکۆمەڵایەتی و رۆشنبیریدا.

لە رووی هۆشیاریەوە ئافرەتان تەیار دەکات بۆ پەیوەندیکردن بە حزبە سیاسییەکان و سەندیکای کرێکاران و کۆمەڵەی جوتیاران و دامەزراو پیشەییەکان.

نەهێشتنی نەخوێندەواری وتیکۆشان بۆ هەموارکردنەوەی یاسا پەیوەستەکان بە ئافرەتان و فشارخستنە سەر حکومەتەکان بۆ دابینکردنی یاسای تۆپزی خویندن و فێرکردنی نێروەی و، هەوڵدان بۆ کردنەوەی داینگەو باخچەی ساوایان بۆ منداڵانی ئافرەتاتی کرێکارو فەرمانبەران و بایەخدان بە کردنەوەی نەخۆشخانەو دابیکردنی دەرمان بە خێرایی یان بەنرخێکی گونجاو.

پاراستنی منداڵان وتێکۆشان بۆ نەمانی زەبروزەنگ و نەهێشتنی برسێتی ورێگردن لەوەی کار بە منداڵان بکرێت و بارودۆخی ژیانیان مسۆگەر بکرێت.

لە خوێندنەوەی لێنینی بلیمەت سەبارەت بە شێوەکانی دیموکراتییەتی بورجوا خیانەت وفێڵ و مەکری ئەو دیموکراتییەتە دەردەکەوێت بەتایبەت لێنین ئاماژە بە لەشفرۆشی دەدات چونکە بورجوازییەت وا خێی دەردەخات کە لەشفرۆشی لە ناو کۆمەکادا بنبر دەکات ئەوەش لە کاتێکدایە خودی بورجواکان بازرگانی بە لەشی ئافرەتانەوە دەکەن و بە توندوتیژی کچانی منداڵ ولاو رادەکێشن بۆ دژەخی کاری خراپە ڕك وە ك ئەوەی ئەمرو لە کوردستاندا ڕوو دەدات و، شێخ و مەلاو بەرپرسی باڵا بوونەتە خاوەن یانەی قومارو ئافرەتانی بەرەوشت و لەشفرۆش.

بەڵام پرسیار لێرەدا ئەوەیە کتێبەکەمان کەوتە کوێ !؟ کێ بردی!؟ بۆ دیارنەما!؟

لە ڕێی نووسیگەی ڕۆژنامەگەری هەریمی کوردستان نێردرا بۆ بەغدا بۆ چاپخانەی (دار الرواد) ی حزبی شیوعی عێراق بە مەبەستی چاپکردنی و ریزداریادی بەخیر کاك محەمەدی مەلا کەریم نووسەری بەناوبانگ ئامادەیی بۆ پێداچوونەوە دەربری بەڵام بە داخەوە ڕێتێنی حزبی لەلایەن لێژنەی ڕۆشنبیری وچاپەمەنی ناوەندی ڕێگر بوو گوایە نیازیان وایە بە دەق و نووسینەکان بە تایبەت وتەکانی لێنین بچنەوەو، بە هەرحاڵ حزبی بەعس و رژێمەکەی دیکتاتۆر سەدام حوسەێن

هەرشیانکردە سەر حزبی شیوعی عێراق و دەستیانگرت بە سەر چاپخانەی (دار الرواد) و کتێبەکەی ئەمەش نەماو شەهید کرا.

لێرەدا سەری رێزو نوازش بۆ هاوریی تیکۆشەرم شەهید رەووف زوهدی و هەموو شەهیدانی حزب و بزوتنەوەی چەپ دادەنوێنم و یادیان بەخێرو سەرشاری و مردن بۆ دوژمنانی شیوعییەت ..
7/3/2021

دنیا لەسەر پشتی گاجووت، یان لەسەر پشتی کرێکاران و تاکانی هەنج و زەحمەتیان وەستاوە؟..تاهیر عیسا

سیستەمی سەرمایەداریی، لەهەر دەورانێکی مێژوویی خۆیداو لەژێر هەر ناوو ئەدرەسێکی هابردوی یان ئەمڕۆیدا، لەسەر بناغەی ستەمێک کە لەکاری بەکرێ و مەکدارێتی تایبەتی و زەدەبایید خۆی دەنوێنێ، درێژەی بەمانەوەی خۆی داوەو دەیدات، کە لە تەوانین و سەرنجی گشتی کەمەگادا بەکارێکی ئاسایی جێگای خۆی گرتووە و هەخنەیەک لەسەر ئەم پەسەیە بەشەویەکی بنەتیی کەلە دیدی باوی کەمەگادا هەنگی دابتەوە، لەئارادانییە.

تەنیا لەلایەن کەمایەتیەک لەوانەوە نەبەت کە وەک چینێک لەناو پەسەی بەرهەمهێنان و بەکاربردندا، جێگاو هەگای خۆیان لەچاو چینە باڵادەستەکانی ژوور سەری خۆیان درککردووەو تێنانەت لەناو هەر ئەم چینەشدا، بەشێکی زەری بەهەمان تێگەی گشتیکەمەگاو فەرهەنگی باوی کەمەگادا کە فەرهەنگی چینی باڵادەستە، گەش و پەروەردەکراوە و هەر بەهەکاری چەسپاندنی ئەم تەوانینە لەزهنی گشتیشدا، سەرمایەداریی شەرعیەت و هەوایەتی خۆی هەتا ئێستاش بەسەر چینە مەحرومەکانی دیکەی کەمەگادا، درێژە پێداوە، هەر بەم هەکارەش، سیستەمی سەرمایەداریی توانیویەتی لەژێر دیکەری هوکەشیانەی جەراوجەری خۆیدا درێژە بە جەوهەر و ناوەرکی زالمانە و

چەوسێنەرانە و دژە مرۆڤیانەی خۆی بدات و بەشێکی زۆری بەرهەمی هەزی کاری کۆمەڵایەتی، تۆزانە کە لەزەدەبایید خۆی دەردەخات، تاڵان بکات و لەشکۆی سەرمایەی کۆکراودا وەک قازانج بۆتە ناو قاسەی سەرمایەدارانەوە.
ئەم دزیی وتاڵانییە کە بەشێکی بناغەیی لە سیستەمی سەرمایەداریی و پێسەی کۆکردنی سەرمایەو سەرمایەگوزاریی پێکدەهێنێت، لەتەگەی گشتیدا وەک گەندەڵیی ئۆژمارناکرێت، واتە وەک هەر مەعامەلەو ئاڵ وگۆڕێکی دیکەی ناو بازاڕی کارو کاسبی ئاسایی دیکە لەبەرچاوگیراوە!
تەنیا لەهەندێک جوگرافیای لەرەو لەوێی دنیای سەرمایەداریدا نەبێت، کە کرێکاران لەمۆژووی ململانێکانی خۆیان لەبەرامبەر چینی حاکم و باڵادەستدا، توانیویانە کەمێک لە هەل ومەرجی کارو سەعاتکاری تۆزانەو حەقدەست و موچەکانی بەقازانجی ژیانێکی باشتردا، لە چوارچێوەی یاساو تۆسای کرێکاری و ئیسلاحاتی هەمەجۆریی ئابووریی و سیاسیی و کۆمەڵایەتی، بەسەر سەرمایەدارانداا بسەپێنێت و لە ئاستیی زەدەبایی و قازانجێک کە دەژێتە قاسەی سەرمایەدارانەوە بهێنێتە خوارەوە.
دەنا لە بەشێکی زۆری جوگرافیای دیکەی کۆکردنی سەرمایەو قازانجپەرستیدا، هێشتا کرێکاران لەو پێی خراپی هەل ومەرجی کارو سەعاتکاری زۆرو لەخوارەوە بوونی موچەو حەقدەستکان و نامەیان لەزەربەی ئەو بەرهەمانەش کە لە تۆنەج و زەحمەتیی خەیانەوە بەرهەمدێت، سەرباری خراپی دەخی ژیانیان لەبەکاربردندا، کەبەزەحمەت و بەمەرەو مژیە دەتوانن لەناو پێسەی فرەشتنی هەزی کاریاندا بەردەوام بن، کە زەربەیان بەهەکاری نەبوونی بیمەی تەندروستیەکانیان و گرانی دکتۆرو دەرمان و کەمدەرامەتییان لە تەمەنێکی کەمدا دووچاری لاوازی جەستەیی و نەخۆشیی و دواجاریش مەرگی ناوەخت دەبنەوە.

هەتا ئەوێی بەکوردستان و دەخی کرێکاران و زەحمەتکێشان دگۆتەوە، لەگەڵ سیستەمێک بەرەو ڕوون کە دوو جەمسەرە لەگەندەڵیی و دزیی وتاڵانی بە پەردە تۆزەوە و کرێکاران وزەحمەتکێشانی لەئاستیدا، دووچاریی بنبەستێکی سیاسیی ئابووریی کۆمەڵایەتی هەمەگیر کردۆتەوە وکۆمەڵێک دزو مافیای هەر بەمانای وشەکە خۆی دزو تاڵانچی، جیاواز لەوێی وەک هەر سیستەمێکی ئابووری سیاسیی کۆمەڵایەتی دیکەی جیهانی لەبەرهەمهێنان و سەرمایەگوزاریدا، لەشکۆی زەدەبایی و دزینی هەزی کاریی کرێکاران و فەرمانبەرو کارمەندانەوە دەژێتە گیرفانیانەوە، سەرباری ئەمەش، ڕاستەو خۆ لە داهات و قووتی خەڵکی کرێکارو زەحمەتکێشاندا دەیدزن

و بۆ خۆیان و نەوەکانیانی گلدەدنەوە و تانانەت بۆناوی دڕی گەورەی پاشکۆتۆوە، وەک ئەوەی کرێکاران خۆیان ئاگر پوڵێک لە مسرەفی ڕۆژانەیان زیادبێت، نەتوانن و نەزانن چۆن پاشکەوتی دەکەن، کەوتنە دزینی بڕشکی زۆریی بەرهەمی ڕەنج و ماندووبوونیان و موچەکانیان بۆ یەکجاریی لە حەپەلەشکرا .

واتە هەر لەناو چوارچێوەی ئەم کەمەگایەدا، ناکۆکیەکی یەکجار قوڵ و چارەنەگر، کە لایەک بڕشکی بەرفراوان، جیاواز لە لەشکری بەرفراوانی بێکارانەوە کە لەهەر جارە بیمەیەکی ژیان بەبڕشکراون،، کرێکاران و کارمەندو فەرمانبەرانکیش کە لەسەر کارن، لە ژێر سایەی حوکمەانی ئەم دزو باندە مافیایانەی دەسەاتی کوردیدا، حەقی کرێ و ڕەنج وماندوو بوونیەکانیان پێنادرێت و ئاگرێش لەوپەڕی نەبوونی وناچاریدا، کەسێک ناچاربوو بێت بۆ بەدیهێنانی شیری منااڵ ساواکەی چەند قوتوێک شیر بدزێت، بۆ چەندین ساڵ حوکمی زیندانی بەسەردا دراوە! ئاگرێش هاتبێتە سەر جادەو داوای ماف و ئازادیەکان و باشترکردنی ژیان و موچەکانی کردبێت، یان بۆگوڵە وەامی وەرگرتۆتەوە، وەک لە حەقدەی شوبات و زنجیرە خۆپیشاندانەکانی دواتریش و ئەم دواییانەشدا، بەدیان لە لاوانی خەرمانەخانەدیویان خەڵتانی خوێن کراو چەندینیان کەمئەندام وپەککەوتەکراو دواتریش بەنائومێدی و تەکشکاوی ڕەوانی ماڵەوەکرانەوە.

یان بۆ گرتن و لەدان و سوکایەتی و شەق و شیلاقی هەزە بڕتەجیی و بەکرێگیراوەکانیان و دواتریش بۆ لەپشت بوونی دەستی جەراو جەرو تابوورو شتی لەمجەرە تەمەتبارکراوە و زەربەی چالاکانی ناڕازیشی ئاگەر چانسیان بووبێت و سەران و سەردەشت و کاوەو ویداد ،،،، ئاسا، تیرەر نەکرابن یان کوتەککاری نەکرابن، بەداتاشینی چەند مەڵەفێکی هەڵبەستراوی وەک ئەوەی لەبادینان، بۆ تەکشکاندنی ئیرادەی خەڵکی کرێکارو هەژاری ناڕازی بەبیاریی دادگای جەنگەئاسایی و سەبەری حیزبیی وبنەماڵەیی، ئەنجامداراو شەش ساڵ زیندانی بۆ شەروان شەروانی، هاوڕێکانی بڵێوە.

لەپاڵ ئەم هەڵ ومەرجەدا، هەمیشە کرێکاران و زەحمەتکێشان دوای ماندو بوون و تەکشانی بۆچانیان، لەپێناوی باشترکردنی ژیان و ئازادیەکان و موچەکانیاندا، دوای هەر هاتنە مەیدانێک و لەدەستدانی پەڵکیش لەئازیزانیاندا، خۆیان لە ئامادەنەبوونی جەنگی چینایەتیانەی خۆیاندا، خۆبات و هەوڵەکانیان یان کراوەتە دەستمایەی حیزبە بەرژوازیە بەناو ئۆپۆزیسیۆنەکان و پەی چونەتە

دەستاتەوە، یان، بەدەستی بەتاڵ لێی هاتوونەتە دەرەوە.
بەهام دەستاتیک و تاقمێک، هێزانێ بەبەرچاوی دنیاوە، ئاسایی وپاساییی وەسایی، دزیی و تاڵانی و قاچاغچێتی دەکەن و سەرمایە کەسکە دەکەن و خاوەنی دەیان کەمپانیای ئاشکراو نهێنین و لەناو تۆڕی سەرمایەو بەرهەمهێنان وسەرمایەگوزاریی لەکاڵی و جیهانی نیولیبەڕاڵی تاڵانکەریشدا، جێگایان گرتووەو پارێزراون!
هەموو ئەم سیناریۆ تێژیدیا ئامێزانە بۆ؟ ئەم چارەنووسە تاڵەی بەشەریەتی ئەمڕۆ بەدەستی کەمایەتیەک لە ئاستی ناوچەکەو لە ئاستی جیهانیدا بۆ ؟

تەکەایان لە غیابی کرێکارێکدایە، کە جێگاو ڕێگای خۆی لەناو ئەم سیستەمە مەحەلیی وجیهانیە لێک هەڵپەکراوەدا بۆ ڕوون نییەو لەوە بەخەبەرە کە پایەکانی ئەم سیستەمە کە بەپێچەوانەی ئاوەی لەناو ئەفسانەو ئوستوورە کۆنەکاندا دەوترا دنیا لە سەر پشتی گا، وەستاوە، نەخێر ئەمڕۆ لەسەر پشتی کرێکار و ڕەنج و زەحمەتێک وەستاوە، کە زیاتر لەنیوەی دەستەنج وهێزی بازووەکەی، وەک زەدەوات بۆ ئایدیۆلۆژیای سیستەمێک کە لەهەزارلاوە ئەم چەرخی دنیا زاڵمانەیی پەهێدەسوەت و بەهەزارو یەک دەردو بەڵای جەراو جەریی فیکریی و فەرهەنگیی و کلتووریی و دینیی جەراو جەرو حیزیی ڕەنگاو ڕەنگ و ئایدیۆلۆژیای ڕەنگاو ڕەنگ و میدیای زەبەلاحی ڕەنگاو ڕەنگ و تەنانەت لەکوردستان بنەماڵە و خێڵ و شێخ وتەریقەتی جەراوجەر، گیرەدە کراوە و نەیتوانیوە خۆی "ویلیام ئایش" وتەنی لە کەیلەتیەک ڕزگاربکات، کە زنجیری دەست وپێکانی بەدەم وددانی خۆی گرتووە و ئازادکردنی خۆی تەنیاو تەنیا لەدەستی خۆیدایە.

ڕەنگ بێت، ڕونکردنەوەی ئەم گرێ کوێرەیە هەروا ئاسان نەبێت لەچەند دەیەکدا، بەهام کرێکاران، لەئاستیدا، بوونەتە کەیلەیەکی مەدەرنی دنیای مەدەرنی ئەمڕۆ، ئەم کەیلەیە، لە ئاستیدا، بوارو دەرفەتی ئاوەی لەوەرگیراوەتەوە بتوانێت هەروا ئاسان لەناو زایەڵەی پێ لە جاێو جێنجاێی فریوکارانەی زەبەلاحئاسای میدیایی و ئیعلامی و هونەری سینەمایی و ئەدەبیات وکلتوریی سەرمایەداریی و ژیانی سەخت ودژواری کارو بەرهەمهێنادا بیر لە کەیلەتیەکەی خۆی بکاتەوە! لەباشترین حاڵەتی بیرکردنەوەو ناڕەزایەتی وخۆشانیەکانی خۆیشیدا، خۆی و چارەنووسی سیاسیی وکەمەڵایەتی وئابووری خۆی بە چەند دەم ئاست و کاریزماو حیزبی سەرووی خۆی، سپاردووەو دەسپەرێت و نەیتوانیوە خۆی خاوەنی ئاو سەرنج و تێگەو تێواگین وجیهانبینی خۆی بێت و بیرش هەمیشە لە هەل ومەرج ودەخی خراپی ئاودا کۆک وڕگیراوەو هەمان

سیناریۆکانی ئابردووی بەسەر سەری خەیدا لەهەر ئان وگۆڕکی سیاسیی ئابووریی کۆمۆنیستی ئوکسیانەدا، دووبارە بەرهەمهێناوەتەوە.
ململانێ چینایەتیەکان، چلە مژووی ئابردووداو چلە دنیای ئەمڕدا بەرەنجامی ناوەرۆک وجۆوهەری سیستەمێکن، کە لەسەر بناغەی خاوەندارێتی تایبەتی و کاری کرێگرتۆو قازانجپەرستی وەستاوە ، واتە هەتا هۆکارەکان بەردەوامبن، دەرەنجامەکانیش کە ململانێیەکی بەردەوامە، بەردەوام دەبێت.. جیهانی پڕ لە زوڵم وستەمی ئەمڕۆ و لەکۆتە تۆاژیدیا ئامێزو کارەساتبارەکانی، کە زیاتر لە سەرهەڵدانی کۆمۆنادا، ناوەرۆکی ئاستەقینەی دژبەشەریەکانی خەی پیشاندراین، لە واقیعی حاڵدا، ئەگەر خەمان نەخڕێتنین، جگە لە شیکاریی ولێکدانەوەی مارکسیتانە، هیچجۆرە شیکاریی ولێکدانەوەیەکی تر هەڵناگرێت، بەهۆکاریش نییە جیهان، لەناو تەنگژەکانی خەیدا، خەریکە دووبارە مۆاجەعەی کاپیتاڵی مارکس وتەواونین و جیهانبینیەکانی دەکاتەوە.

ململانێ چینایەتیەکان و ئاکام و لێکۆتەکانیی ناو ئەم سیستەمە جیهانبەئادەگرۆ هەر دیالێکتیک و مشت ومێکیش لەسەر کۆتایی هەنان و یەکلاکردنەوەی، بەبێ هاتنە مەیدانی وشیارانەی دایناموی ئەم هاوکێشەیە، کە لە چینی ملیاریی کرێکارییدا خەی دەونێنە، پێ لەهەوایە!
هاتنە مەیدانی وشیارانەی ئەم چینەش، بە فاکتەرێ زاتیەکانی خودی خەیەوە گرێی خواردووە، نەک بە فاکتەرێ بابەتیەکان !،،، فاکتەرێ بابەتیەکان لەو ساتانەوە هەن، کە ئەم وەک چینێک لەناو هێل ومارجێکی کۆمۆنایەتی سیاسی ئابووریی سەخت ودژواردا، ناچار بەفرێشتنی هێزی کارەکەیکرا لەپێناوی مانەوەی فیزیکیانەی خەیدا.
فاکتەرێ زاتیەکانیش، پەمان خەش بێت و پەمان ناخەش بێت، خویان لە بەداربوونەوەیەکی بەکۆماڵ و وشیاریی سیاسیی چینایەتیانەی ئەم چینەدا لەئاستی جیهانیدا دەبینەتەوە، نەک تەنیا لەکاڵی، کە لەپۆسەی مژوویی و بەردەوامی خەیدا، دەستبەردەبێت، کە وەک دایناموی ئان وگۆی ئیشیی وبنەڕەتی، لەڕووتی گۆشەو خەبات و تێکۆشانی بەردەوامی خەیدا، دەبێت بەو بەرکەماڵیە و بەو تێگەیشتنە قووڵە چینایەتییە بگات، کە هیچ حیزب و دەستەو تاقمێک لەدەرەوەی خەیداو لەسەروی خەی، یاریی بۆچارەنووسیەوە نەکات!؟
بەدەر لەم واقیعە، هیچ هێزێکی سیاسیی دیکە، لەدەرەوەی ئەم هاوکێشەیدا، بەبێتگەیشتنی ئەم هێزە و بەئەندازەی وشیاریی چینایەتی کامڵ، ناتوانێت هاوکێشەکە بەباریی هەڵوەشاندنەوەی بناغەکانی ئەم سیستەمە بگۆڕێت !

تاهیر عیسا

06.03.2021

کتێبی: دیڕی کارەسات ١٩٨٠ – ١٩٩٠.. نووسینی: عەدنان کەریم (ئەحمەد موعین)

١٩٨٠ – ١٩٩٠ دیڕی کارەسات
(٩ ساڵ ئیختیفا لە عێراقدا : یادەوەری و شیکاری)
نووسینی : عەدنان کەریم (ئەحمەد موعین)

دیڕی کارەسات یەکەمین کتێبی چاپکراوی کاک عەدنان کەریم کتێبەکە ٤٣٦ لاپەڕەیە.
ئەم کتێبە گەڕانەوەیە بۆ ساڵانی هەشتاکانی سەدەی ڕابوردوو کە سەختترین قۆناغ بووە لە مێژووی عێراق بگشتی و کوردستان بتایبەتی.
لەم کتێبەدا جگە لە سەردێکی مێژوویی پێشووتری عێراق و کوردستان بەوردتر یادەوەریکانی خۆی یاداشت کردووە سەبارەت بە گرنگترین ڕووداو و ئاوگەڕکانی ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتیی ئەو قۆناغە پڕ لەکشە و بەسەرهاتە.
جگە لەوەش لەوەدا بتایبەتیش باسی هەڵسوڕان و چالاکیی و یادەوەریی خۆشی کردووە لەڕوانگەی بیر و تێڕوانینی جیاوازی ئێستای خۆیەوە شیکاریی ئەو مێژووە پڕ لە کارەساتی کردووە.

ئەم کتێبە لە ئێستادا لە ناوەندەکانی غەزەل نووس و دیالۆگ دەست دەکەوێت.

بۆ خوێندنەوەی ئەم کتێبە کلیکی ئێرەبکەن ...

پاپا لە عێراق، پەیامێکی سیاسی بۆ ناوچەکە!.. کامل احمد

سەردانی چەند ڕۆژی پاپای ڤاتیکان، پاپا فرانسیس، بۆ عێراق و کوردستان دەکرێت لێکدانەوە و شرۆڤەی جۆراوجۆری بۆ بکرێت کە مەبەستی من لێرەدا ئەوە نیە کە ئەوانە بدەمە بەر لێکۆڵینەوە، بەڵکو تەنها ئامانجە سیاسی یەکانی پشتی ئەم سەردانە لە چەند خاڵێکی کورتدا دەخەمە ڕوو.
پاپا و سیستانی و هەر فیگورێکی کۆی دینی، سەر بە هەر دین و تائیفە و مەزهەبێک بن، لە جیهانی ئەمڕۆی سەرمایەداریدا تەنها و تەنها بریتین لە نوێنەرانی پاراستنی قازانجکانی نیزامی سەرمایەداری و وەبەرهێنانەوەی ئەو نامەیەی کە مرۆڤکان لە یەکتری دوور دەخاتەوە و وەک تاکی بێ ئیرادە بەرامبەر خوداوەند ڕایاندەگرێت تا نەتوانن لە هەزی یەکگرتووی خەیان هەم تێبگەن و هەم بەهرەمەندبن بە کۆتایهێنان بە ژیانی مەینەتباری ئەمڕۆیان. ئەمە ئەو ئەرکە سەرکیەیە کە دین دەیگێڕێت لە دوورخستنەوەی دەسەڵاتی بورژوازی لە دوژمنی ڕاستەقینە و چینایەتی خۆی، چینی پرۆلیتاریا. بۆیە هەر کات ئەمە پێویستی بە تەبایی بوو، ئەوا بە تەبایی دەیکەن و هەرکاتیش پێویستی بە جەنگی خوێنین بوو ئەوە مرۆڤکان بەردەدەنە گیانی یەکتری و تا ئاستی پاکتاوی ئایین و مەکتەب و مەزاهیبە جیاوازە دینیەکان دەیبەن. مەڕوو شاهیدی ئەم ڕاستییەیە.
پەیامێکی تری ئەم سەردانە پاپشتیکردنی پرۆسەی ئاشتەوایی و ئاسایکیردنەوەی پەیوەندییەکانی ئیسرائیلە لەگەڵ وڵاتانی ناوچەکەدا. پرۆسەیەک کە لەژێر ناوی پەغەمبەری هەرسە ئایینە ئاسمانییەکەدا، ابراهیم، دەیانەوێت بیبەنە پشتەوە و ناوی ئەویان لێناوە بە ئەوەی نە شیش بسوتێ و نە کەباب. تا دوێنی بە ناکەکی و ئەمڕۆ بە ئاشتەوایی و ئاساییکردنەوە، چونکە ئەمڕۆ پێویستیەکانی بازاڕ و بەرژەوەندیەکانی سەرمایە لە ناوچەکەدا پێویستی بەم جۆگیریە سیاسی و ئابوریە هەیە بە ئەوەی بتوانێت گۆشبکات و خۆی بەرهەمبهێنێتەوە. پەیامی پاپاش لە سەردانیکردنی بە ئور و مێزگای ابراهیم نیشاندانی ئەم پشتیوانییەیە. مەسەلەکە ئەوەیە

ئەمریکا دەیەوێت لە چوارچێوەی ئاشتەوایی لەگەڵ ئیسرائیل دا ناوچەکە بکەبخاتەوە بە عێراق و سوریا و ئێرانیشەوە.
مەسەلەیەکی تری ئەم سەردانە مەلەقەیی و ناجێگیریی باری سیاسی عێراق و ساغنەبوونەوە و یەکلاییەنەبوونەوەیەتی کە لە چ بڕیەکدا سەقامگیردەبێت. لە لایەک ئەمریکا و خۆرئاوا دەیانەوێت پێگەی ئێران لە ناو عێراق دا لاوازبکەن و بە قازانجی خۆیان بیشکێننەوە. لە لایەکی تریشەوە ئێران لە هەوڵی ئەوەدایە کە ئەم پێگە بەهێزەی خۆی بپارێزێتەوە. مانەوەی پێگەی بەهێزی ئێرانیش واتە فراوانبوونەوە و جێبەجێبوونی پڕۆژەی چینی کە بووەتە ترس و دڵەڕاوکێی خۆرئاوا. بە لەدان لەم پێگەیەی ئێران، پاپا سەردانی سیستانی دەکات و بە بڕدگ دەیەوێت دوو چەلەکە بپچڕێت. لە لایەک دەیەوێت بڵێت ئەمە لەگەڵ هیچ پێکهاتەیەکی دینی کۆشەمان نیە و لەلایەکی ترەوە دەیەوێت وا نیشانبدات کە مەرجەعیەتی شیعە سیستانی یە نەک ئێران بۆیە لەگەڵ ئەوپەیوەندیدەگرین. بە مانایەکی تر یانی پەراوێزخستنی ئێران وەک مەرجەعیەتکی شیعی و هێلی لە ناوچەکەدا. ئەمە شێوەکی بڕدەوامە لە نێوان زلهێزە جیهانیەکان و نوێنەرە ناوچەییەکانیاندا کە ئەوروپا دەیەوێت هێندەکی زیاتر ببینێت تیایدا وەک جارانی لە نێوان ئەمریکا و چین دا.
چونی پاپا بە کوردستانیش وەک ئەوەی کە لەووی تەشریفاتی یەوە شوێنەکی ئامنتر لە چاو سەرجەم شوێنەکانی تری عێراقدا و بە ئەو کارە گونجاوە، بوونی ژمارەی زیاتری مەسیحیەکان و نزیکایەتیەتی لە موسڵ و شارەچکە مەسیحی نشینەکانی دەشتی نینەواوە. هاوکات دەیەوێت پەیامێک بدات بە مەسیحیەکان کە بگەڕێنەوە شوێنەکانی خۆیان و لەوەدا ژیانیان دەستپێبکەنەوە و موسڵ ئاوەدانبکەنەوە بە جێگای ئەوەی کەچبکەن و هەوڵ لە ووڵاتانی ئەوروپا بکەن. پەیامی کەمکردنەوەی مەسەلەی کێچ و هەووکردنە ئەوروپایە، کە ئەمە پەیامی ئەوروپایە و قاتیکانیش بۆشیکە لێی. سەیریش لەوەدایە کە مەسعود بارزانی هیچ پەستێکی نیە، بەڵام دەڵێی هەر سەرکی هەرەمە و پاپا و هەموو میوانەکان دەبینێت.
لە کۆتاییشدا دەتوانم بڵێم ئەم سەردانەی پاپاش لە چوارچێوەی هەمان ئەو کێشمەکێشانەدایە کە لە ئەمڕەی جیهاندا لەسەر دووبارە دابەشبوونەوەی دەسەڵات و بەشکردنی کێکەکە لە لایەن زلهێزە جیهانیەکانەوە بەڕێوەدەچێت. هاوکات سەردانەکەشی لە چوارچێوەی سیاسەتی ئەمریکی و خۆرئاوادایە وەک لەسەرەتاوە باسمانکرد کە ئەویش ئاشتبوونەوەیە لەگەڵ ئیسرائیل دا لەژێر ناونیشانی تەبایی لە نێوانی دیانەتی ئیبراهیمی دا.

کامل احمد
07.03.2021
kamil.ahmed.f@gmail.com

پـریشکەی ەەژە ئەفسونیە کـان.. شیعر/ کاوە عوسمان عومەر

خەشبەختی،،
تیشکەکە خەرا تەپەئەبە..
کاتە ئەمە لە ژورە سپیەکانی..
منداڵیدا
هەشتا بەئاگا نەهاتووین!
چاوەڕوانیش..
کاتە لەو وشکە بە،،
بە شەرابی قەترانی مەرگ،
ئیتر خە هەکار نیە،
لەردا پەیکەری بەهودەیی ..
لە ئامەز نەگرین!
ئەی ئەسپسواری ئەرخەوانیپەشی کات،،
با کورتە گفتو گۆیەک دەربارەی..
هەەفەینی پەەسەلکە شینەکانی..
تەمەنمان کەین،،
چی ستەمە پەەی تاوسی..
سەربەاوی عیشق ،،،
لە ژورە خەواوەکانا هەەگرین!
لە قووڵی تەنیایی بوونا!
بیرت ئەکەم،،،
ئەی هاوچارەنوسی..
سەر زەریای دوەنە شەرابیەکان!
لە قوڵایی گەکانی ..
چاوەڕوانیتدام..
پەش داەمان بەرەو دەزەخ!

ەوی پرسیارم هەر لە تۆیە،
ئەی خانمی ڕەشپۆشی قەدەر،،
هیچ لە شارەکانی کات..
ڕاستی نین،،
هیچ لە ئاوێنە ئەفسونەکانی ەوی تۆش،،
لەم جەنگەستانە نادزمەوە!
لەوانەشە گژنە سپێدەی خەمی دوریشت..
بە بارانی زەردی بەزاری،،
ژەهراوی بوبە،،
بە گردە پە ئەشکەنجەکانی..
کاتژمێرەکانا دەمە خوار..
تا سنوری هەورە دەربازبووەکانی..
قەفەزە ئاتۆنیەکانی چاوانی تە،،
فریشتەی باران ئەبینم،،
چنگیان پە شەونمی نەهاتە،،
کچی باز ئەبینم!
لە خەرئاوابونەکی قورمزیەوە،،
گەی جوانی لە جەستەی خەی بەرئێدا!
لە کەلەک لە ئافاتی،،
ئەستا دا، وێنەت ئەکێشم، قەشەنگ..
هەروەک چەمەک لە تەنیایی!
ئەی قەڵای خوێنی شیعر!
بە کەمتەمەنە،
بارانە ئەستێرەی خەشبەختی.؟؟؟
ئەمەوە بە دوا ڕۆژنە بارانی گەنجەتی ..
خەم مەست کەم و
ماچەک لەسەر کۆمی هەورەک
لە شیعری بەد بەختەنم!
وانیەک لە سەفی ئاوەوە فڕیم!
لە هاوارە شەپۆلی ەوبار ڕەزئەگرم،،
و دوا حیکمەتی با،
لەسەر لەپی دەستم ئەنوسم،
من هەر بەیارم داوە..
لەگەڵ تەقینی گولە تەپکانی..
جەنگیکی شەتانەی تری مرۆڤە بەشکان،،،
بەرەو شەپۆلە ئەرخەوانیەکان سەرهەڵگرم،،
نامەوە ئەوان بەیاری مەرگیشم بدەن!

ئەی کاپتنی سەرکەش،،
وەک دەی نەورەسم!
گوریسەکانی کەشتی خونی..
تەقیوی شاخونبەری زەریا،،
بەرەو قەلا هەورە قورمزیەکان باکەشکە!
لە ئەفیونی عیشقەکی ئەهادا..
نازانم خەوتووم، یان مەرگم پەشیوە!
با هەناسەی ئیبلیسی..
ئەم ساتەوختە،،
هەڵپروکێنە ،
گیاکانی درەی ئەقینەکی ساختە!
برسیەکان ڕزگارکە،
ئەی شیعری یاخی،،
بەمنە ئاسەواری کەشک و تەلاری..
ئەوانەی قومریەکانی بەلانەکانی دنیا،،
ئەخنکێنن،،،
تریشقەکانی پایزەکە..
سپی سپی ، بە ئاگام دێنە،،
ئەم جەنگەڵە ماشینە،،
ئەم گەژنە ماشینە،،
باخچە سرکەکانی نەو چاوم ئە سوتێنە،،
پەناگەیەک، ئەی شیعری بەدنەفرەت!
بەرەو فەلەکە،،
لە نمە خەشبەختی شین!
سەمەرەیەک با فەر بین..
لە ماتماتیکی ئەقینی خاخاکەیەک،،
بە خەرکی جەستە گەگرتوو تا ئەبەد!
شانازی گوڵە بەڕۆیەکیش،
پەش ئافاتی ڕەهەڵە پایز،،
بە ژەهری دابان لە هەتاو،
خەی ئەکوژە!
با بە نیگا ئاوگەی ..
نامەکانمان بەردەوام بە،
تەیەک سەراپات ..
نورەکە لە یاخیبوون!
لەرەش نەبی، لەسەر کەنار..
بەردەوام خەم پەرتریتی..

چارەنوسی خەم ئەکەشم،،
من خەم داهێنەری چارەنوسی خەمم،،
ئەی خاوەنی گەلەرە وەرانەی مرۆڤایەتی،،
ڕەح لەمکی ژاوە!!
هەر مرۆڤێک..
بە تەنیا، ،،
ڕوبارەکە لە هەنگوین و گۆ!
با بەم دەربەندی دڵەخۆ،،
تەپڵەی ڕەحە..
ڕوبارێک نیە،
مانگێک نیە،،
هانا نیە،،
پریشکەی..
ژەژە ئەفسونیە تەپڵەیوەکان،،
لە ئامێز گرە!

.....
وێنەکە تابلۆیەکی نیگارکێشی فەرەنسی
Claude Oscar Monet / Sunset on the Seine at Lavacourt

کۆتاییهێنان بە ژەمەی بەرژوا ئیسلامی و قەومی لە عێراق، هەنگاوێکی بنەڕەتیە بووە بزگاری ژنان

لە کاتێکا لەمسادا پێشوازی لە هەشتی مارس، ڕۆژی جیهانی خەباتی ژنان دەکەین، کە زیاتر لە ساڵێکە مرۆڤایەتی لەژێر باری پەتای کۆرۆنا و دەرهاویشتە ئابووری و کۆمەڵایەتیە کارەساتبارەکانیدا دەناڵێنێت.
ئەم پەتایە تا ئێستا بۆتە هۆی گیان لەدەستدانی نزیکەی دوو ملیون

و نیو ئینسان لە جیهاندا کە زۆربەیان لە چینی کرێکار و توێژە هەژارکراوەکانن، وە قورسایی کارەساتە ئابووری و کۆمەڵایەتیەکانیشی کەوتوەتە سەر شانی ئەم چینە و بەبەشکراوان، بەتایبەتیش ژنانی کرێکار و زەحمەتکێش. هەروەها کارەنتین و قەدەغەکردنی هاتوچۆش بۆتە هۆی زیاد بوونی توندوتیژی دژ بە ژنان و کچان و حاڵەتەکانی کوشتن و خەکوژی لە تەواوی جیهان و لە نوێشیاندا لە عێراقدا.
هەژدە ساڵە ژنان لە عێراقدا بارمتەن بەدەست جەنگی ئەمریکا و داگیرکاری و سیاسەت و ستراتیژە ئیمپریالیستیەکانیەوە، کە میلیتاریزەی شارەکان و وێرانکردنی بناغەی مەدەنی کۆمەڵگە و نەهێشتنی ئاسایش و توندوتیژکردنەوەی کێشمەکێشی هێزە ناوچەیی و نودەوڵەتیەکانیشی بەدوای خۆیدا هێناوە بە کۆنترۆڵکردنی ژیانی ڕۆژانەی ژنان و کچان و دامەزراندنی ئەم ژێرخانە تائیفی و قومیەی کە لە ئارادایە.
زنجیرەی سەرکوت و کوشتار و فڕاندن و دەستگیرکردن و سووکایەتی کردن بە ژنان، هەمیشە وەڵامی ڕەوتەکانی ئیسلامی سیاسی و حیزب و میلیشیا دەسەڵاتدارەکانی بووە بەرامبەر بە هەر بەرگرییەکی تاک وەیان بە کۆمەڵی ژنان بە بەرەندبوونیان لە سەرتایی ترین ماف و ئازادیەکی شەخسی وەک پیاوان. ئەم هێرشانە بەزەبری چەک و تەڤر پارێزگاری لە دەسەڵاتی مەرجەعە ئاینیەکان و هەما و بەها دابونەریتە خەڵکی و تائیفیە پیاوسالارە دژ بە ژنەکان دەکەن، وەک کەڵگەیەکی ستراتیژیانەی فەرمانڕەوایەتیان، ئەم جگە لە هەوڵدانی بەردەوامیان بە داشتنی یاسا تائیفی و مەزهەبیەکانی دژ بە ژنان.
داعش، هەرشوێنک دەستی تاوانکارانەی پڕاگەیشتبێت هەساوە بەسەینەوەی ئینسانیەتی ژن و خوڵقاندنی تاژیدیایەکی گەورەی ئینسانی لە شوێنەکانی ژێر دەسەڵاتیدا. هەزاران ژن و کچی یەزیدی و نا یەزیدی قۆلاچکردوە و زەرکیشی کردوە بە کۆیلە و وەک کاڵا خستونیەتە بازاڕی کۆین و فرۆشەوە، وە لایەکی تریشەوە میلیشیاکانی ئیسلامی سیاسی شیعە هەساون بە سووکایەتی پێکردن و توندوتیژی نواندن دژ بە ژنان و کوشتوبڕی لەسەر بنەمای ناسنامە لە ڕۆگەی شێوەی تائیفیگەریەوە.
لە هەرەمی کوردستانیشدا، حیزبە ئیسلامیەکان دوای زنجیرەیەک شکست و پێکدادان لەگەڵ هێزە قومیە فەرمانڕەواکاندا، ئێستا سایانکی دورودرێژ بوونەتە تەواوکەری ژەمی سیاسی بورژوا قومی هەرەمکە و بە بەردەوامی و بێئازادیەکی تەواوەوێشەوە هەڵدەستن بە دژایەتی ژنان و خەباتی ڕزگاریخوازانیان بە پشتیوانی بورژوا قومی فەرمانڕەوا و ئەوانەش کە لە ئۆپۆزیسیۆندان، ئەمەش وەک ستراتیژیکی

ژەمی هەرەمەکە لە ڕووی دابەشکردنی نەوان خەیاندا لە پەناو خنکاندنی خەباتی سۆشیالیستی کرێکاران و زەحمەتکێشان و ژنانی پڕۆلیتاریا و خەباتی ڕزگاریخوازانیان لە کوردستاندا.
لەژێر سایەی گۆشکردنی سەرمایەداری لە عێراق و سیاسەتە ئابووریە نیولیبرالیەکانی دەوڵەتدا، ژنانی پرۆلیتاریا، بەتایبەت نەوەی گەنج و کچانی دەرچووی خوێندنگە و پەیمانگە و زانکۆکان، بەدەست بێکاریەکی لەڕادەبەدەر و کولەمەرگی ئابووری و پەراوێزخراوی کۆمەڵایەتیەوە دەناڵێنن. خەدزینەوەی دەوڵەت لە فەراهەمکردنی بیمەی کۆمەڵایەتی بۆ بێکارانی کێچ و کوڕ و هەژارکراوان و بەردەوامبوونیشی لەسەر سیاسەتەکانی داسەپاندنی سکەڵگوشین و بەرتەسککردنەوەی خزمەتگوزاریە بنەڕەتیەکانی هاوڵاتیان و داووخاندنی کارەساتباری کەرتەکانی تەندروستی و خوێندنی گشتی، دابین نەکردنی خانووبەرە، هەموو ئەمانە بەشوێیەکی تاڕیدیایی ڕەنگدانەوەیان هەبووە لەسەر دەخی ئابووری و کۆمەڵایەتی ژنان، کە بونەتە هەکاری ڕێگر لە ئازادبوونیان لە کاری سەختی ناوماڵ و لە کەتوبەندی پشتبەستن بە خەزان و ئەو بازنە کۆمەڵایەتیە خنکێنەرەی کە دەوریداون لە پەناو دابینکردنی گوزەراندا.
بەیەڵازی بوون بە کاری تاقەت پڕوکێن و کاتی و بودجە لە بازاڕەکاندا، لە ڕێستورانت و ئوتێل و کارگە بچووکەکاندا یان لە ماڵان و لە کەرتی کشتوکاڵدا، وە بە کرێیەکی زۆر کەمەوە، بەتە دەخێکی ناچاری بە ژمارەیەکی فراوان لە ژنانی کرێکار و زەحمەتکێش و کچانی لاوی پرۆلیتاری. ئەمە جگە لەوەی کە بەشێک لە کچانی گەنجی تواژە پێشاوە و هەژارکراوەکانی کۆمەڵگە دەکەونە داوی تەڵەکانی بازرگانیکردن بەژنان و بەهرەبەرداری سێکسی و توندوتیژی و مادە هۆشبەرەکانەوە.
ئەو زەمینە کۆمەڵایەتی و مێژوویەی کە وێستاوە لەپشت دەستپێشخەری شۆڕشگێڕانە و بەشداری چالاکانە لە ڕاپەڕینی ئۆکتوبەری ٢٠١٩ دا لەلایەن ژنانی کرێکار و کچانی گەنجی بێکار و دەرچوانی زانکۆ و پەیمانگاکان، بریتیە لەو گەڕانکاریانەی کە لەژێر سایەی ژەمی سەرمایەداری لە عێراقدا بەسەر دەخی ژنانی کرێکاردا هاتووە کە بەشێکن لە تایبەتمەندیەکانی پێکهاتەی ناوخۆیی چینی کرێکاری هاوچەرخ. ڕاپەڕین و بزوتنەوەی شۆڕشگێڕانە سەرکەوتن بەدەست ناهێنێت بەبێ بەشداری چالاک و کاریگەری ئەم هێزەی ژنانی پرۆلیتار و سەرکەوتنی خەباتە ڕزگاریخوازانەکەی و بەدەستهێنانی ئازادی و یەکسانی ژنان.
ڕزگاری ژنان لە عێراقدا، بەشوێیەکی بابەتی بەستراوەتەوە بە ڕزگاری ژنانی کرێکار و زەحمەتکێش و هەژارکراو و خەباتەکەیان دژ

بە کۆلەمەرگی ئابووری و پەراوێزیی کۆمەڵایەتی و قەزەنیەکانی پیاوسالارانە کە لە کۆمەڵگەدا ڕووبەڕووی دەبنەوە، هەروەها ئەم ڕزگاریی ژنان لە عێراقدا، بەشوێیکی بابەتیش بەستراوەتەوە بە ڕۆڵی ئابڕانی ژنانی کرێکار و زەحمەتکێش لە بەرەوپێشبردنی خەباتی ڕزگاریخوازانەی ژنان بەگشتی لەپێناو هەنانەدی ماف و ئازادی و یەکسانبوونیان لەگەڵ پیاواندا. ئەمش ئەوە دەگەیەنێت کە پێویستە پێوەندیەکی پتەو دابین بکرێت لەنێوان خەباتی ڕزگاریخوازانەی ژنان و خەباتی سۆشیالیستی چینی کرێکار و جەماوەری زەحمەتکێش لەسەرتاسەری عێراق و لە ناوچەکەدا.

ئەی جەماوەری ژنانی کرێکار و چەوساوە
ئەی جەماوەری کرێکاران، ئەی شۆڕشگێڕان و ئازادیخوازان
بە هەشتی مارس بکەینە ڕۆژی بەرزکردنەوەی ئاڵای خەباتی شۆڕشگێڕانەمان بۆ ڕزگاربوون لە ژێرەمی بەرژوا ئیسلامی و قۆمی فەرمانڕەوای قێیرانگرتوو کە گەورەترین ڕێگرە لەبەردەم هەنانەدی ئازادی و یەکسانی ژنان لە عێراقدا.
بە ڕێزی خەباتی ئابووری و سیاسی ژنانی کرێکار و زەحمەتکێش و کچانی گەنجی شۆڕشگێڕ بەهەزکەین، با ئەم خەباتیان ڕێکخراوکەین لەناو ئەو کۆمەڵە و تەڵە و ڕێکخراوە سەربەخۆیانەدا کە بەرگریکارن لە بەرژەوەندی چینایەتیان و لە ئامانجی فەمێنیستی ئازادیخوازانەیان.
با هەشتی مارس بکەینە ڕۆژی خەباتی یەکگرتووی ژنانی پرۆلیتاریای ئازادیخواز لەگەڵ خەباتی چینی کرێکار و جەماوەری زەحمەتکێش و ڕێکخراوە سۆشیالیستەکانیان لەسەرتاسەری عێراق و لەئاست ناوچەکەدا.
با هەشتی مارس بکەینە ڕۆژی یەکخستنی خەبات دژ بە سیاسەتە نیولیبرالیە ئابوریەکانی دەوڵەت و هەرشە بەردەوامەکانی بەسەر کرێکاران و زەحمەتکێشان و بەبەشکراوان و ژنانی پرۆلیتاریا، با بیکەینە ڕۆژی یەکخستنی خەبات بۆ داسەپاندنی داواکاریە ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسیە دەستبەجێکانیان.
ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی پیرۆزبایی هەشتی مارس لە ژنانی عێراق و ژنانی تەواوی جیهان دەکات، پیرۆزبایی لە ژنانی کرێکار و چەوساوەی هەر وەاتێک دەکات کە لە عێراقدا دەژین، وە پەداگرانەش خەبات دەکات لەپێناو هەنانەدی ئازادی و یەکسانی تەواوی ژنان.

بژی هەشتی مارس
بژی ئازادی و یەکسانی ژنان

بژی سۆشیالیزم
ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی لە عێراق
٢٧/٢/٢٠٢١

"پەیامی عەزیزی" گرانی "پاڕاوانی دەم بە پەکەنین"ی پشکێش بە "سیامەند ڕەحمان" کرد

مۆنسوور جیهانی – پارچە مۆسیقای "پاڕاوانی دەم بە پەکەنین" بە ئاوازدانەری و بە دەنگی گرانیبەژی کورد "پەیامی عەزیزی" لە یەکەمین ساوگاریی کەچی دوایی پاڕاوانی کورد "سیامەند ڕەحمان" بەاوکرایەوە.

پارچە موزیکی "پاڕاوانی دەم بە پەکەنین" لە سەر داوای کۆمیتەی نێتوویی پاڕاگۆمپیکی ئێران و لە مایەی شوور، بە ئاوازدانەری و بە دەنگی گرانیبەژی کورد "پەیامی عەزیزی"، بە دابەشکردنی موزیکی "سیامەند کوردستانی" و بە شیعری "نازەنین سانی" بە بۆنەی ڕزلێنانی ڕەوانشاد پاڕاوانی کورد "سیامەند ڕەحمان" خاوەن ڕیکەردیی ئەفسانەیی مژووی بەرزرکەرەوەی قورسایی پاڕاگۆمپیک؛ بە دەنگی "پەیامی عەزیزی" و لە کشووهەوای حیماسی، نێتوویی و عیرفانی بەاوکرایەوە و بە شانازییەوە پشکێش بەم پاڕاوانە ناودارەی جیهان و پاڕاگۆمپیک کرا.

ڕەوەسمی ڕزلێنانی پاڕاوانی کورد "سیامەند ڕەحمان" هاوکات لەگەڵ ڕەوەسمی کۆتایی کارەبیکانی پاڕابەرزرکەرەوەی قورسایی ئێران بە ناونیشانی "کاپی سیامەند"، لە فیدراسیۆنی کۆمۆنداماتی ئێران بەڕێوەچوو و "پەیامی عەزیزی" بە یەکەمین جار، پارچە مۆسیقای "پاڕاوانی دەم بە پەکەنین"ی خوێند و ئەم گرانییەی بە شانازییەوە پشکێش بە ڕەوانشاد "سیامەند ڕەحمان" پاڕاوانی جیهان و پاڕاگۆمپیک کرد.

سیامەند، هەوخساركی دەم بە پێكەنینی لە خۆی بەجێهێشت كە بەردەوام لە كردەوەكانیدا تایبەتمەندییەكانی دەزیی پاڵەوانی كە پێكهاتووە لە خاكەساری، نیشتمان پەروەریی، هووخشی و … ڕەنگدانەوەیەكی حاشاهەڵنەگریی هەبوو.

هەندێك لە شانازییە ناوچەیی، جیهانی و پاڵاڤێمپیكی "سیامەند ڕەحمان" بریتین لە: میداڵیای زێڕینی لاوانی ئەمریكا 2008، میداڵیای زێڕینی لاوانی ماڵیزیا 2010، میداڵیای زێڕینی پاڵاڤاسیایی گوانگجۆ 2010، میداڵیای زێڕینی نەوەوەتی لاوانی لیبیا 2010، میداڵیای زێڕینی جیهانی IWAS ئیماڕات 2011، میداڵیای زێڕینی نەوەوەتی گەورەساڵانی ئەردەن 2011، میداڵیای زێڕینی پاڵاڤێمپیكی لەندەن 2012، میداڵیای زێڕینی گەورەساڵانی ئیماڕات 2014، میداڵیای زێڕینی پاڵاڤاسیایی كەریا 2014، میداڵیای زێڕینی ئاسیای ناوچەیی قەزاقستان 2015، میداڵیای زێڕینی ئاسیایی ناوچەیی "ئۆپەن"ی قەزاقستان 2015، میداڵیای زێڕینی نەوەوەتی (كاپی جیهانی) ئیماڕات 2016، میداڵیای زێڕینی پاڵاڤێمپیكی "ڕیو" بەڕازیل 2016، میداڵیای زێڕینی جیهانی مەكزیك 2017، میداڵیای زێڕینی ناوچەیی ژاپۆن 2018، میداڵیای زێڕینی پاڵاڤاسیایی "جاكارتا" ئەندونیزیا 2018، میداڵیای زێڕینی جیهانی قەزاقستان 2019 و … .

ئەو لە درێژەی سەردەمی وەرزشی خۆیدا لە سێ خولی یارییەكانی پاڵاڤاسیایی و دوو خولی یارییەكانی پاڵاڤێمپیك، بەشداریی كرد كە لە تەواوییی ئەم یارییە گرینگانەدا میداڵیای زێڕینی بەدەستهێنا.

سیامەند بە تەماركردنی ڕیكەردی 310 كیلۆگرام لە پاڵاڤێمپیكی "ڕیو" 2016 لە وڵاتی بەڕازیل (بە جیاوازیی 70 كیلۆگرام لۆگۆی وەرزشوانی پلە دووهەم) توانی ناویی خۆی بە شەوازێك هەرمان بكات كە بەدوورە ئەم ڕیكەردە سەرسووهێنەرە بە درێژایی مێژوو، لە لایەن كەسێكی دیكەوە تەمار بكرێت.

پاڵەوان "سیامەند ڕەحمان" بەهەزترین پاڵاڤێمپییەنی جیهان، ڕۆژی 11ی ڕەشەمەی ساڵی 1399ی هەتاویی (یەكی مارسی 2020) بە هۆی جەڵتەی دە لە شاری شنۆ لە ڕۆژهەڵاتی كوردستان، كۆچی دوایی كرد.

بۆ زانیاری زیاتر:

ماڵپەڕی پەیام عەزیزی:

http://www.payamazizi.com
کەناڵی فەرمی "پەیام عەزیزی" لە تێلێگرام:
https://telegram.me/payamaziziofficial
لاپەڕەی فەرمی "پەیام عەزیزی" لە ئینستاگرام
/https://www.instagram.com/payamaziziofficial

ئامادەکردنی: مەنسوور جیهانی